# دەوڵەتی تورک، ڕۆژ تیڤی و بێدەنگی سەندیکاکان

کاوە ئەمین

ئەگەر ڕاگەیاندن، خوێندن و نووسین بۆ گەلان و دەوڵەتانی خوداپێداو گرنگ بن کە هەروایشە، ئەوا بۆ گەلانی بندەستی هاوشێوەی کورد کە کولتوور و زمانەکەیان لە ژێر هەڕەشەی توانەوەدایە لە لایەن داگیرکەران و کۆلۆنیالیستەکانەوە، دە هێندە گرنگترە. ئەگەر هەموشمان لە بیرمان نەبێت ئەوا حەتمەن بیستومانە و خوێندومانەتەوە کە ڕادوێی دەنگی کوردستان بە درێژایی شۆڕشی ئەیلول چ کاریگەریەکی ڕۆحی هەبووە هەم بۆ جەماوەر و هەمیش بۆ وەردان بە پێشمەرگە، هەمانکات وەک دەستگایەکی پروپاگەندەیش بە دژی دوژمن. پاشانیش لە کۆتای حەفتاکان و هەشکانیشدا، ڕادوێ جۆراو جۆرەکانی پارتە کوردییەکان هەریەکە و بە شێوەیەک دەوری خۆیان گێڕا. ئاخر لە خۆڕا نەبوو کە ڕێژیمی بەعس چەند بە شوێن پێشمەرگەوە بوو هێندەش بە دوای ڕادوێکانەوە بوو، ئەو پاریستیەی کە ئێمەی کورد پێمان دەوت "هانی هانییەکە" لەگەڵ کرانەوەی ڕادوێکاندا دەست بەکار دەبوو، تا ڕێگا لەو دەنگە ئازادانەی چیا بگرێت کە ڕۆژانە هەواڵی شەڕ و تاوانەکانی ڕێژێمیان بلاودەکردەوە. ئەمە بەزمەی داگیرکەران لە هەموو پارچەکانی تری کوردستان هەبووە و هەیە.

ساڵی 1995 هاورێیەکی باکووری پێی وتم کە ئێستا ئامادەکاری بۆ دانانی تەلەفیزیۆنێکی ئاسمانی دەکرێت کە ڕاستەوخۆ لە ئەورپاوە ئاراستەی کوردستان و جیهان دەکرێت، ئەوەی ڕاستی بێت منیش وەکو زۆری تر پێم وانەبوو لەو کاتەدا کورد بتوانێت کارێکی وا گەورە ئەنجام بدات، ئاخر دەیان دەوڵەتی عەرەبی و هی تر کە خاوەنی دەریایی نەوت و دۆلارن ئەو کاتە تاق و تەرا نەبێت کەناڵی ئاسمانییان نەبوو. بەڵام خۆشبەختانە ئەمجارەیان کورد توانی دەستپێشخەری پرۆژەیەکی وا گەورە بکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڕاستی کردنەوەی مێد تیڤی وەکو تەنەکەیەک بەنزین وابوو بیکەی بەسەر پشکۆیەکدا لە نێو گۆلاوێکی پیس و لیخن و لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا. ئەوە بوو "مانگیلەی مێد" بۆ یەکەمینجار بووە ئەو ئەستێرە پرشنگدارەی کە لەو ئاسمانە پان و پەرینەدا، تەنها ئەستێرەیەکی بۆ کورد پێوە نەبوو. دەوڵەتی تورک هەموو هەوڵ و کۆششێکیان خستە گەڕ، بۆ ئاواکردنی ئەو ئەستێرەیە. دنیایی بەرژەوەند خواز و بازرگانە سیاسییە چاوچنۆکەکانی ئەوروپا ئەو مافەیان بە کورد ڕەوا نەبینی و مێد تیڤیان داخست. زۆری پێنەچوو مێدیا تیڤی جێگای گرتەوە و پاشان کوردستان تیڤی و مێسۆپۆتامیا و کوردسات لە دایک بوون. جێگای سەرنجە کە هەردوو دەوڵەتی بەریتانیا و فەرەنسا ڕێگایان بە پەخشی بەرنامەکانی مێد و مێدیا دا، کە هەر ئەو دوو دەوڵەتەش کوردستانیان لە خاچدا، هەر ئەوانیش بۆ دڵخۆشکردنی تورک و نەیارانی تری کورد، فویان لەو دوو چرایەی ماڵی کورد کرد. تورکیا وەک خۆیان دەڵێن ئەگەر دەوڵەتێکی کوردیی لە ئەرجەنتینیش دابمەزرێت ئەو ئەوان تێکی دەدەن، کەناڵێکی ئاسمانیی کوردی کە لە ئەورووپاوە بەبێ سانسۆر خۆی دەکات بە هەموو ماڵێکدا، بە ئەقڵیەتی تورک لە دەوڵەتێکی کوردیی خراپترە، بۆیە ئێستاش هەموو هەوڵێکیان لە دژایەتیکردنی ڕۆژ تێڤیدا چڕ کردۆتەوە، تەنانەت پەنایان بۆ ئەمریکا بردووە کە هاوکارییان بکات و دەوڵەتی دانمارک ناچار بکات پەخشی ڕۆژ بوەستێنن.

ئێستا لە ئەوروپا و تورکیا و باکووری کوردستان بە تایبەتی، هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ پشتیوانی لە ڕۆژ تێڤی لە لایەن هونەرمەندان و کەسایەتییە کولتووری و ئازادیخوازەکانی کورد و بیانییەوە خراوەتە گەڕ، کە بە دەیان نووسەر و هونەرمەند و ڕێکخراوی ئاشتیخواز بە ئاشکرا دەنگی خۆیان بەرزکردۆتەوە بە دژی هەوڵەکانی تورکیا و ئەمریکا، ئاخر خنکاندنی دەنگی ڕۆژ، واتە کوشتنی پەیڤی ئازاد و سوکایەتییە بە ئازادی ڕادەربڕینش. چونکە هەر بڕیارێکی لەو بارەیە کە بدرێت هیچ بنەمایاکی یاسایی نییە و بڕیارێکی

سیاسییە. بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو ئازادیخوازێکی کوردە کە پشتیوانی لە ڕۆژ تێڤی بکات، نەک تەنها لە بەرئەوەی دەستگایەکی کوردییە، بەڵکو دژایەتی ئەو ناهەقییە گەورەیەی کە بەرانبەر زمان و کولتووری گەلێک دەکرێت. دەکرێت خەڵکانێک هەبن ڕەخنەیان لە ڕۆژ تێڤیّ هەبێت، بەلاّم نابێت مرۆڤ لە بەردەم ناهەقییەکاندا خۆی نابیان بکات. کاتێک سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە باشوور هاوخەمی خۆی بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسە ئێرانییانەی کە بەم دواییە بەهۆی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەیان لە تاران گیانیان لە دەستدا دەردەبرێت، کە پێم وایە کارێکی چاکیان کرد، ئەگەرچی چەندین کەسییان ڕۆژنامەنووسی سەربازیی بوون و بۆ پیاهەڵدانی مانۆڕێکی سەربازیی ئێران گیانیان لەدەستدا، ئەی چۆنە هەمان سەندیکا تا ئێستا بە وشەیەکیش پشتیوانیان خۆیان بۆ هاوپیشەکانیان لە ڕۆژ تێڤیّ دەرنەبڕیوە؟ ئایا ئەمە زەرەر بە یەکیەتی نەتەوەیی کە دەبوو ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، نەک تەنها بە قەڵەم، تەنانەت دەبوو بە خوێنی خۆیان بیانپاراستایە، نادات؟ ڕۆژانە دەیان هەواڵی سەیر و سەمەرە کە مەگەر تەنها لە ڕۆژنامەی کوردیدا جێگایان ببێتەوە دەخوێنینەوە، کەچی هەواڵی ئەو هێرشانەی دەوڵەتی تورک بۆ سەر ڕۆژ تێڤیّ و داودەزگاکانی تری کوردی لە باکووری کوردستان نابینین، ئەگەر هەشبن ئەوا سەرچاوەکەیان ڕۆژنامەی تورکی حورییەت و میلییەت و ئەوانی ترە.

بە داخەوە ئەو ڕۆژهەلاّتە بە کوردستانەکەی خۆشمانەوە، هەمیشە چاویان لە دەمی سەرکردەکانە تەنانەت بۆ ئاسانترین شتیش، لە سەد و یانزدە ئەندام پەرلەمانی کوردستان کەسێک نەبوو چرتێک بۆ کاکە موسای میسری لێبدات کاتێک سوکایەتی بە کورد کرد ئەویش لە کوێ لە نێو پەرلەماندا، کاتێکیش کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان وتی ئەگەر لەوێ بومایە دەمکێشا بەدەمیدا، دوای ئەوە هەموو خۆیان گیڤ کردەوە، بۆیە لێرەوە داوا لە سەرۆکی کوردستان دەکەم کە بە دژی ئەم ناهەقییەی تورکیا بە دژی کورد و ڕۆژ تێڤیّ بە جواب بێت ئەمە نەک هەر ئەرکێکی نەتەوەیی بەڵکو ئەرکێکی مرۆڤانەشە، دڵنیاشم ئەگەر جەنابیان کارێکی وابکات بەردێکی گەورە دەخاتە سەر ئەو بەردە کەمانەی کە ئیمڕۆ بۆ یەکیەتی نەتەوەیی دادەنرێن با کەمییش بن، سەندیکاو ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستانیش لە خەو ڕادەپەرێنێت، ئاخر سەندیکایەک ئەگەر پشتیوانی لە پەیڤی ئازاد و مافی ڕۆژنامەنووسان نەکات، ئەوا کورد وتنەی ماڵی گەورە و دێی وێرانە و هیچی تر!